# بۆ یادیک لە ژنە هونەرمەندو تێکۆشەر مەرزییە فەریقی

## ئەی قنارییە دەنگ خۆشەکەی ولاتەکەم
## ئەی پیشەنگی خەباتی یەکسانی
## ئەو کۆچەت زوبوو زوو

**شادی سالەحی**

٢٠٠٨/٠٩/١٨

دەیان و سەدان جار شادیت کردە میوانی دلمان، بزەت خستە سەر لیومان، بەلام ئێستا وا بە کۆچکردنت داخ و پەژارە بووەتە میوانمان، ئەورۆ کە ئیتر هیچ شتیک قەرەبوی ئەو خەسارەتە ناکاتەوە، نەگریان، نەنوسینونەوشەی جوان، ئیتر کەس بۆ من نابێتەیەو مەرزییەیەی کەلە خۆشەویستیدا پێمان دەوت مەرزە، بەلام ئالاکەت دەبێ شەکاوەبێ، تۆش وەکوو هەمیشە یەم جارە بەجسم نا، بەلام، دەنگە زولالەکەت هەروا پێشەنگی هەمومانە.



دەنگت وەکو بۆما لەشارێ بەسەر مێشکی خەوالودا دەبارێ ئاوا بوو بە سێ سال کە سیمای ناسراویی گۆرەپانی خەباتی ژنانی کورستان و دەنگی سرود و حەماسە و دەنگی نەغمەی دلداری ودەنگی دایکی دل سوتاوو دەنگی کیژی زۆر لێکراو، دەنگی زولالی ئەو هونەرمەندەی کە هەوالی پێشمەرگەو ژنان و شەش پەپولەکەو دەیان سرودو نەغمەی جوانمان لێوە دەبیست لەناوماندا نەماوە، بەلام ناویی، دەنگی، یادی، هەمووکاتێک هەر لەیادمانە.

**بەرزوبەرێزبیت یادی ێازیزو خۆشەویستی!**